# جارێکیتریش پەنابەرانی کوردی عێراقی لەژێر مەترسی ناردنەوەدان!

**بێستون بابان**
28.08.2006




**دوای ئەوەی ساڵی پار نەخشەکەی حکومەتی بەریتانیا بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عێراقی لەژێر فشاری رێخراوە مرۆڤایەتیەکان و خەڵکانی دڵسۆزی ئەم وڵاتەدا هەرەسی هێنا، کەچی ئەوا دیسان ئەمساڵیش هەمان هەڵمەتی ناردنەوەی پەنابەرانی کورد لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەستی پێکردۆتەوە و ماوەی مانگێکە حکومەتی بەریتانیا بەدەیان کوردی لە زینداندا توندکردوە بە مەبەستی ناردنەوەیان کە هەر ئێستا زۆربەیان لەبارودۆخێکی سایکۆلۆجی زۆر خراپدا ئەژین، وا بڕیارە ڕۆژی** 2006/09/05 **یەکەم گروپیان لێبنێردرێتەوە.**

**هەندێک لەم گیراوانە ماوەی زیاتر لە حەوت ساڵە لەم وڵاتەدا ئەژین وبەشێوەیەکی تەواو لێرە جێگیربوون و توانیویانە تێکەڵاوی کۆمەڵگای بەریتانی ببن، هەربۆیەش ناردنەوەیان بۆ عێراق کارێکی زۆر ستەمە،چونکە هەندێکیان خاوەنی هیچ شتێک نین لەکوردوستاندا و هەموو شتێکیان لەدەستداوە و هەندێکی تریشیان جۆرەها کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە کە بەهۆیانەوە ژیانیان لەمەترسیدا ئەبێت لەکاتی گێڕانەوەیاندا.**

**ئەوەی شایانی باسە ساڵی پار ژمارەی ئەم کوردانە نزیکەی** 6000 **کەسێک ئەبوون، بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی بەریتانیا بەنەفێت، خانووبەرە وە هەروەها مافی کارکردنی لێسەندنەوە،** 2000 **کەسێکیان ناچار بوون کە خۆیان وڵاتەکە بەجێبهێڵن و بەشێوەیەکی ڤۆڵنتەری بگەڕێنەوە.**

**بۆ هەمووان ئاشکرایە کەبارودۆخی کوردوستان زۆرباش نیە و هەرئێستا بێ ئاوی،بێکارەبای،نەبوونی سووتەمەنی، گرانی و گەندەڵی سیاسی و ئیداری ژیانی لە خەڵکی کردۆتە دۆزەخ، هەر بۆیەش بەردەوام ڕۆژانە دەیەها گەنج لەبێ ئومێدیدا سەری خۆیان هەڵئەگرن و ڕوو لەسنورەکان ئەکەن، توندوتیژی و خۆپیشاندانەکانی مانگی ڕابردووی شار و شارۆچکەکانی کوردوستان ڕەنگدانەوەیەکی ئەو بارودۆخە نالەبارە بوون، لەبەرامبەردا حوکمڕانەکانی کوردوستان جگە لە کۆکردنەوەی دۆلار و کردنی زەویوزار بەناوی خۆیانەوە باکی شتێکی تریان نیە.**

**بەپێی بڵاوکراوەیەکی وەزارەتە ناوخۆی بەریتانی کەلەلایەن تۆم دۆد)وە دەرچووە، هاتووە کە ئەم ناردنەوەیە بەڕێکەوتنە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا تکایە سەیری ئەم بەشەی کۆتای بڵاوکراوەکە بکە:**

Where individuals do not chose to leave the UK voluntarily, it remains our policy, as with all nationalities, to consider enforced return. __**You will be aware that we have an agreement with the Iraqi authorities to this effect which we will not hesitate to exercise should we believe it necessary.**__ (Tom Dodd, Director International Delivery-28 July 06)




**بەڵام وا پێئەچێت کە ئەم ڕێکەوتنە لەگەڵ حیزبە کوردیەکاندا کرابێت نەک حکومەتی بەغداد، چونکە بڕیارەکە تەنها بۆ ناردنەوەی ئەو کوردانەیە کە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی ویەکێتیدا ئەژین، نەعارەب و نە هیچ قەومیەتێکی تری عێراقی ناگرێتەوە. من پێم وانیە کە عارەبی سونە یان حکومەتەکەی شیعە ڕێکەوتنیان لەگەڵ بەریتانیادا کردبێت بۆ ناردنەوەی پەنابەرە کوردەکانی ناوچەکانی حوکمی زاتی چونکە هیچ بەرژەوەندیەکیان لە کارێکی ئاوادا نیە.**

**بەپێچەوانەوە کارمەندانی حکومەتی هەرێم هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە دڵی دۆستەکانیان لە دەرەوە ڕابگرن(نەک خەڵکی کورد) هەربۆیەش پێئەچێت کەبەم کارە هەستابێتن بۆئەوەی ئەوە بۆ دەرەوە بسەلمێنن کە ئەمان حاکمێکی باشن و هیچ کەسێک لەناوچەکانی ئەماندا گیروگرفتێکی نیە. ئیسرائیل لەسەر دوو سەربازی خۆی جەنگێکی هەڵگیرساند، کەچی حاکمانی ئەمڕۆی کورد بۆ ڕازیکردنی دڵی دەرەوە هەزاران کەسی پەنابەری هەژارو داماو ئەکەنە قوربانی. هەندێک جار بۆ ڕاگرتنی ڕای خەڵکی لەناوخۆدا لەهەندێک چاوپێکەوتندا ئەوە ڕائەگەیەنن کە ئەمان هیچ کەسێک وەرناگرنەوە کە بەزۆر بنێردرێتەوە، بەڵام بەکردەوە تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بەرچاویان نەناوە،جگە لەو بەیاننامەیەی کەساڵی پار بۆ وڵاتانی سکەندناڤی دەریان کرد، ئەویش کاتێک جۆن ئۆ لە (کەمپینی دژە ناردنەوە) پەیوەندی کردبوو بە نووسینگەی هەرێمەوە لە لەندەن پێیان ڕاگەیاندبوو کە ئەم بڕیارە شمولی کوردەکانی بەریتانیا و چەند وڵاتێکی تری ئەوروپا ناکات، بۆچی؟ کەس نەی زانی. ئەمە لەکاتێکدا کە بەیانناەمەیەکی لەم جۆرە زۆر پێوویستە بۆ ئەوەی لەلایەن پارێزەرانەوە لە دادگادا بەکاربهێنرێت دژی هۆم ئۆفیس بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەم بڕیارەیان.**

**هەر ئێستا زۆرێک لە ڕێخراوەکانی پەنابەران و مافی مرۆڤ و خەڵکی مرۆڤ دۆستی بەریتانی و کوردی زۆر بە گەرمی لە کارکردندان بۆ ئەوەی ئەم بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی ڕابگرن، تۆش بەهەر شێوەیەک بۆت ئەکرێت بەشداری بکە لەم کەمپینەدا، بەتایبەتی بە فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێم بۆ دەرکردنی بەیاننامەیەکی ڕەسمی لەم بارەیەوە کەتیایدا ئیدانەی ئەم بڕیارە بکات و هەڵوێستێکی ڕۆشن بخەنە ڕوو دەربارەی ئەم بارودۆخەی پەنابەران.**